ڕەواندنەوەی چەند گومانێكی حیزبیەكان بەرامبەر بە سەلەفیەكان

باوكی حارث

بسم الله الرحمن الرحيم

نامەیەكمان بەدەست گەیشتووە ئەم پرسیارانەی تێدا ئاراستە كردووین بەو شێوەیە :

سلام علیكم

١–بۆچی ئێوە تەنها خۆتان پێ ڕاستەوئەوانی تر هەموو بە سەر لێشێواو دەزانن ؟

٢–بۆچی بە جنێودان بە ئیسلامیەكانی تر خۆتان لای دەسەڵاتداران خۆشەویست ئەكەن ؟ بەڕێز مامۆستا عبد اللطيف لە چوارقوڕنە هەتا جنێوی نەوت بە ئیسلامیەكانی تر گەورە نەكرا لە ئەوقاف ، كە تەنها بۆ پاكانە كردن بۆ دەسەڵاتداران دامەزراوە. وە بیریشتان نەچێت موسڵمان قسەی ناخۆش نابێ بڵێ بە كەس و جنێو دەریش نیە . ئێوە وەلاتان بۆ عەلمانیەت و بەرائەتیشتان بۆ ئیسلامیەكان ، كە نیشانەیەكی دیاری خەواریجەكان بوو .

٣–بۆچی موجاهیدانی ئوممەت بە خەواریج دەزاننو خۆتان بە شوێنكەوتوانی سەلەف ساڵح ؟ وە بڕواتان بە جیهاد لەم سەردەمەدا نیە ؟ كەتا ڕۆژی دوایی دەبێ بەردەوام بێت ، بۆ نەهێشتنی فیتنە لە سەر زەوی و چەسپاندنی حوكمی خودایی سورەتی ئەنفال ، ئایەتی ٣٩

٤–هەموو بەڵگەكانتان حوكم و قسەی عالمی گەورەی ئوممەت شەیخ ئەلبانیە ؟ ئەی ئیمام و پێشینانی تر؟

لە كۆتایدا :

هیوادارم دڵتان عاجز نەبێت بە پرسیارەكانم چونكە گومانێكە لە مێشكمداو ، وەڵامەكەیم لێتان ئەوێت . من خۆشم بڕوام بە حیزبایەتی نیە ، بەڵام وەك موسڵمانێك پێم خۆش نیە وا دژی یەك بن ، لە كاتێكدا هەموو جیهان دوژمنتانە . ئۆباڵی خۆتان لە ملی خۆتان ، من وا قەپم گرتووە بە ڕەگی دارەوە.

وە سلام علیكم ورحمة الله

دڵسۆزتان بوخاری لە چوارقوڕنە .

ئەلێرە نامەكە تەواو بوو من لەبەر ئەوەی ئەو پرسیارانەمان زۆر بۆ دێت حەز ئەكەم وەڵامی ئەو بەڕێزە بدەمەوە ئەگەر بە كورتیش بێت بەڵام ڕوون كردنەوەی زیاتر هەڵ ئەگرم بۆ كتێبی

گێژاوی حیزبایەتی کە هەرچی گومانە لەوێدا هەوڵ ئەدەم وەڵامی بدەمەوەو چەواشەکاریەکانی بەرامبەر بە ئەهلی سوننە ئەکرێ ڕەدد ئەدەینەوە ان شاء الله بەڵام تا دەرفەتی تەواو بوونی ئەبێت بە پشتیوانی خوا ، کاك بوخاری وە هەموو ئەوکەسانەی ئەم پرسیارانەتان هەیە ئەو وەڵامە لە برای بچوکتانەوە وەربگرن و باشیش بیری لێبکەنەوە .

وەڵامی نامەکەت :

وە علیکم السلام ورحمة الله وبرکاته

١-براکەم ئێمەی ئەهلی سوننە هەموو کەسێك بەڕاست ئەزانین کە بە ڕاستی شوێنی پێغەمبەری خوا بکەوێ صلی الله علیه وعلی اله وسلم هیچ لە دینەکەی زیادو کەم نەکات ، وە هەموو کەسێکیش بە سەر لێشێواو ئەزانین کە لا ئەدا لە سوننەتی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ، جا ئەگەر کەسێك لادەر بێ لە ڕێبازی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەوە بێگومان سەر لێشێواوە بەقەد ئەوەندەی کە لایداوە ! خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِن تَوَلَّوا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُم مَّا حُمِّلْتُمْ وَإِن تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا﴾ النور ٥٤ واتە : (=ئەی پێغەمبەری خوا= بڵێ گوێ ڕایەڵی خوا بکەن وە گوێ ڕایەڵی نێردراو =پێغەمبەری خوا= بکەن جا ئەگەر پشتیان هەڵکرد لەوە سەرپێچیان کرد ئەوە لەسەر پێغەمبەری خوا نیە تەنها ئەوەی پێی ڕاسپاردرا بوو کە گەیاندنی پەیامی خوایە وە لەسەر ئێوەیە تاوانی خۆتان کە گوێ ڕایەڵی خوا وە گوێ ڕایەڵی پێغەمبەری خوا ناکەن وە ئەگەر ئێوە گوێ ڕایەڵی پێغەمبەری خوا بکەن ئەوە ڕێگای هیدایەتتان گرتووە و بۆ ڕێگای ڕاست هیدایەت ئەدرێن) .

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُبِينًا﴾ الاحزاب ٣٦ واتە : (وە بۆ هیچ بڕوا دارێکی پیاوو ئافرەت نیە کە خواو پێغەمبەرەکەی فەرمانێك بکەن =حوکمێك دەربکەن= لە شتێکدا ئەوان هەڵبژاردن لە دەستی خۆیان بێت =بیکەن یان نا بەڵکو ئەبێت یەکسەر ملکەچ بن= وە هەر کەسێ سەرپێچی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی بکات ئەوە گومڕا بووە گومڕاییەکی =سەر لێشێواویەکی= ئاشکراو ڕوون) .

وە هەر کاتێ ڕەخنەیەك لەو حیزبیانە ئەگرین بەڵگەمان پێیە نەك بە هەواو ئارەزوو ڕەخنە بگرین ! ئەگەر شتێکمان بۆیان هەڵبەستاوە ئەوە دەرفەت بۆ تۆ وەبۆ ئەوانیش بە درۆمان بخەنەوە !!!

٢-چ کاتێك جنێومان داوە بە ئیسلامیەکانی تر !؟ بەڵگەیەك بێنەوە ! وە ئێمە خۆ حیزب نین و شەڕمان نیە لەسەر کورسی و تەماعی پەرلەمان و وەزارەتمان نیە ! تا بمانەوێ لە

دەسەڵاتدار نزیك بینەوەو خۆمان خۆشەویست بکەین ! دەمانەوێ لای خوا خۆشەویست بین بەوەی ڕقمان ئەبێتەوە لە تەفریقەو حیزبایەتی خەڵکیشی لێ ئاگادار ئەکەینەوە ئەوەش کە ئێمە ئەڵێینە خەڵك ئاگادار بن با ئەو حیزبانە نەتان خەڵەتێنن ئەمە جنێو نیە بەڵکو جۆرێکە لە جیهاد لە پێناوی خوا ! وەك پێشەوا **ابن تيمية** (رحمه الله) لە پاش ئەوەی باسی ئەوە ئەکا کە ئەمانەی دروستە باسیان بکرێ و ئاشکرا بکرێ عەیبەکانیان وەك ئەوانەی فەرموودە ڕیوایەت ئەکەن و لاوازن و لێیان وەرناگیرێ ئینجا باسی ئەوە ئەکا کە پێشەواکانی ئەهلی بیدەع ئەبێ باسی بیدعەکانیان بکرێو ڕەد بکرێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی پێی نەخەڵەتێن ئەفەرموێ لە مجموع الفتاوى وە مجموعة الرسائل والمسائل" : ٥ / ١٠٩ ـ ١١١ . (**وقال بعضهم لاحمد بن حنبل : انه يثقل عليَّ ان اقول فلان كذا وفلان كذا . فقال : اذا سكتَّ انت وسكتُّ انا فمتى يعرف الجاهل الصحيح من السقيم . ومثل ائمة البدع من اهل المقالات المخالفة للكتاب والسنة او العبادات المخالفة للكتاب والسنة فإن بيان حالهم، وتحذير الأمة منهم واجب باتفاق المسلمين، حتى قيل لأحمد بن حنبل : الرجل يصوم ويصلي ويعتكف أحب إليك، أو يتكلم في أهل البدع ؟ . فقال : إذا صام وصلى واعتكف فإنما هو لنفسه، وإذا تكلم في أهل البدع فإنما هو للمسلمين.**

فتبين أن نفع هذا عام للمسلمين في دينهم، من جنس الجهاد في سبيل الله إذ تطهير سبيل الله، ودينه، ومنهاجه، وشرعته، ودفع بغي هؤلاء وعدوانهم على ذلك واجب على الكفاية باتفاق المسلمين . ولولا من يقيمه الله لدفع ضرر هؤلاء لفسد الدين، وكان فساده أعظم من فساد استيلاء العدو من أهل الحرب فإن هؤلاء إذا استولوا لم يفسدوا القلوب وما فيها من الدين إلا تبعاً، وأما أولئك فهم يفسدون القلوب ابتداء.)

واتە : (وە هەندێك بە احمد ی کوڕی حنبل یان ووت : لە سەرم قورسە کە باسی ئەوە بکەم بڵێم فلان ئەو عەیبەی هەیەو فلان ئەوەی تیایە ! احمد ی کوڕی حنبل فەرموی : ئەگەر تۆ بێ دەنگ بی و من بێ دەنگ بم کەی خەڵکی نەزان و نەفام دروست و نا دروست لێك جیا ئەکاتەوە . وە وەك پێشەوایانی بیدعە لەوانەی خاوەنی قسەو ووتەی جیاوازن بە کتاب و سوننەت یان خاوەنی عیبادەتی جیاوازن بە کتاب و سوننەت بە تەئکید ڕوون کردنەوەی حاڵی ئەوانە ، وە ئگادار کردنەوەی ئوممەت لێیان واجبە بە ئیتیفاقی موسڵمانان ، هەتاکو بە احمدی کوڕی حنبل یان ووت : پیاوێك بەڕۆژوو ئەبێت وە نوێژ ئەکات و ئیعتیکاف ئەکات لات خۆشەویست ترە ، یان قسە لەسەر ئەهلی بیدەع بکات ؟ فەرمووی : ئەگەر بەڕۆژوو بێو نوێژ بکا و ئیعتیکاف بکا ئەوە بۆ نەفسی خۆیتی ، وە ئەگەر قسە بکات لە سەر ئەهلی بیدەع ئەوە بۆ موسڵمانانە .

بەوە ڕوون بۆوە کە سودی ئەمە بۆ موسڵمانانە بە گشتی لە دینەکەیان ، لە جنسی جیهادە لە پێناوی خوا چونکە پاك کردنەوەی ڕێگای خوا ، وە دینەکەی ، وە مینهاجەکەی ، وە شەرعەکەی ، وە پاڵ نان و لادانی ستەمی ئەوانەو دژایەتیان لە سەر ئەمە واجبە لە سەر کیفایە =کۆمەڵێك کە ئەم واجبە پێیان تەواو بێ= بە ئیتیفاقی موسڵمانان . وە ئەگەر ئەوانە نەبونایە کە خوا ئەیانهێڵێو ڕاگیریان ئەکا بۆ لادان و ڕەد کردنەوەی زیانی ئەمانە ئەوە دین فەسادی ئەکەوتە ناوەوە ، وە فەسادەکەشی گەورەترە لە فەسادی ئەوەی دوژمنانی ئیسلام وڵات داگیر بکەن و زاڵ بن بە سەر موسڵمانان چونکە ئەمانە ئەگەر زاڵ بوون بە سەر موسڵمانان دڵەکان و ئەوەی تێی دایە لە دین فەساد ناکەن یەکەم جار ئیللا لە دواییا ، بەڵام ئەمانە=ئەهلی بیدەع= یەکەم جار دڵەکان فەساد ئەکەن) .

وە هەر پێشەوا **ابن تيمية** (رحمه الله) لە کتابی مجموع الفتاوی =٢٣٣/٢٨= لە وەڵامی پرسیارێك کە لێی کراوە کە ئایا دروستە ڕەددی کەسانێك بدرێتەوە بەوەی ناویان بێت ئەمە غەیبەت نیە ؟ بەڕاستی وەڵامی جوانی هەیە بەڵام من ئەوەنە باس ئەکەم کە ئێستا پێویستە لە داهاتوو ان شاء الله لە کتابی =گێژاوی حیزبایەتی= ئەمە زیاتر ڕوون ئەکەمەوە ابن تيمية (رحمه الله) ئەڵێت : (**فلا بد من التحذير من تلك البدع وان اقتضى ذلك ذكرهم وتعيينهم**) واتە : (هەر ئەبێ هۆشداری و ئاگاداری بکەینەوە لەو بیدعانە ئەگەر پێویستیش بکا ناویان بێنین و دیاریان بکەین) .

وە مامۆستا عبد اللطيف جنێوی نەداوە بەکەس تەنها بانگەوازی کردووە بۆ یەك خوا پەرستی و دوور بوون لە تەفریقەو حیزبایەتی لە بەر ئەوەشە کە ئەوەندە دژایەتیەی ئەکرێ =بەتایبەت لەلایەن حیزبییەکان= وە گەورە کراوە بە چی دەتوانی ڕوونی بکەیتەوە !؟ ئایا بووە بە ئەندام پەرلەمان !؟ یان بە وەزیر!؟ وەك حیزبە ئیسلامیەکان کەوا گەورە کراون ! خۆ ئەگەر گەورە کران بە جنێو بوایە ئەبێ ئەم حیزبیانە چ جنێوێکیان دابێ وا بوونە بە وەزیرو ئەندامی پەرلەمان!؟ وە دەتوانی ڕوونی بکەیتەوە کە مامۆستا عبد اللطيف پاکانەی چی کردووە !؟ ئەگەر قسە بێ ئاسانە بەڵام بەڵگە بێنەرەوە ! ئەوەش پاکانە نیە کە مامۆستا عبد اللطيف و ئەهلی سوننە بە گشتی ئەڵێن نابێ دژایەتی سەرۆکی وڵاتی موسڵمان بکەین و چەك بەرامبەری هەڵبگرین هەر چەندە تاوان بارو ستەم کاریش بێ مادام موسڵمانە ئەوە فەرمانی پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وعلى اله وسلم تۆ بڵێی کەس جورئەت بکات وا بە فەرمانی ئەویش بڵێت !؟ بەڵگەش پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم ئەفەرموێ : (**السمع والطاعة على المسلم فيما احب وكره ما لم يؤمر بمعصية فاذا امر بمعصية فلا سمع ولا طاعة**) متفق عليه واتە : (گوێڕایەڵی سەرکردە لە سەر موسڵمانە لەوەی پێی

خۆش بێ یان پێی ناخۆش بێ ، بەڵام ئەگەر فەرمانی پێ کرا بە تاوان ئەوە ئەو کاتە لە سەری نیە گوێڕایەڵی بکات) . وە پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم ئەفەرموێ : (**الا من ولي عليه وال فراه ياتي شيئا من معصية الله فليكره ما ياتي من معصية الله ولا ينزعن يدا من طاعة**) رواه مسلم واته :(ئاگادار بن هەر کەسێك لە ئێوە سەرکردەیەك بوو بە سەرکردەی بینی ئەچێ بەلای شتێ لە تاوان و سەرپێچی فەرمانی خوا ، ئەوە با ڕقی بێ لەو تاوان و سەرپێچیەی فەرمانی خوا وە با لە گوێڕایەڵی ئەو سەرکردە دەرنەچێ) . وە لە (**عبادة بن الصامت**) ڕەزای خوای لێبێ ئەفەرموێ: (**بايعنا رسول الله صلى الله عليه واله وسلم على السمع والطاعة في منشطنا ومكرهنا وعسرنا ويسرنا واثرة علينا وان لا ننازع الامر اهله الا ان تروا كفرا بواحا عندكم فيه من الله برهان**) متفق علیه واته : (پێغەمبەری خوا صلی الله علیه واله وسلم پەیمانی لێ وەرگرتین لە سەر گوێڕایەڵی سەرکردەکانمان لە کاتی ئاسانی و خۆشی و ناخۆشیمان و زەحمەتیمان وە لە کاتێك ئەگەر مافمانیش بخوات بۆ خۆی بەرێ ، وە لەسەر ئەوە پەیمانی لێ وەرگرتین کە دژایەتی خاوەنی دەسەڵات نەکەین ئیللا ئەگەر کوفرێکمان لێ بینی کە کوفرێکی ئاشکراو ڕوون بێ مەجالی تەئویلی نەبێ و بەڵگەی لە سەر بێ لە لایەن خواوە) .

(**حذيفة**) ڕەزای خوای لێبێ لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیه واله وسلم بۆمان ئەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی : (**ستكون بعدي أئمة لا يهتدون بهدي ، ولا يستنون بسنتي ، وسيقوم فيهم رجال قلوبهم قلوب الشياطين في جثمان انس قال حذيفة : كيف أصنع ان أدركت ذلك ؟ قال : تسمع وتطيع الأمير ، وان ضرب ظهرك ، وأخذ مالك فاسمع واطع**) رواه مسلم واته : (لە پاش من ئیمام و سەرکردەی وا دێن کە لە سەر **هیدایتی** من نین وە لە سەر سوننەتی من نین ، وە پیاوی وایان تیا هەڵئەکەوێ کە دڵیان دڵی شەیتانەکانەو لە لاشەی ئینسانە (**حذيفة**) ڕەزای خوای لێبێ ووتی ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه واله وسلم چی بکەم ئەگەر گەیشتم بەم ڕۆژە ؟ پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم فەرموی : گوێ ڕایەڵ بەو لە ژێر فەرمانی ئەمیر بە ئەگەر لە پشتیشی دای وە ماڵیشی بردی لە ژێر فەرمانی بەو گوێڕایەڵ بە) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئێمەی فێر کردووە کە ئەبێ لە ڕووی وە بە نهێنی ئامۆژگاریان بکەین نەك لەناو خەڵکاو لە پشتی !بەڵێ گەرەترین جیهادە کەسێ حەق بە سەرۆکی وڵات و دەسەڵات داری ستەمکار بڵێ بەڵام لە بەرامبەری وەك پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (**أفضل الجهاد كلمة عدل (وفي رواية : حق) عند**

سلطان جائر) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٤٩١ واته : (چاکترین جیهاد وتنی کەلیمەی عەدلـە یان لە ریوایەتێك کەلیمەی حەقە لە لای دەسەڵاتدارێکی ستەمکار) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الـه وسـلم ئەفـەرموێ : (**من اراد ان ينصح لذي سلطان فلا يبده علانية ولكن ياخذ بيده فيخلوا به فان قبل منه فذاك والا كان قد ادى الذي عليه**) صحـحه الالبـاني في كتـاب الـسنة لابـن ابـي العاصـم ١٠٩٦ واتـه : (کەسـێك ویستی ئامۆژگاری خاوەن دەسـەڵاتێك بکـا بـا بـه ئاشـکرا نـەیکا بـەڵکو دەسـتی بگـرێ تـەنیا بمێننەوە ئینجا ئامۆژگاری بکا ئەگەر وەری گـرت ئـەوە چـاکە ئەگـەر وەری نـەگرت ئـەوا ئـەو واجبەی لە سەری بوو گەیاندی).

ئەوەیە ئێمە لە سەرمانە شوێنی فەرموودەی پێغەمبەری خوا بکەوین صلى الله عليه وعلـى الـه وسلم نەك هەواو ئارەزوی هیچ حیزبێك یان هەر شتێك کە جیاواز بێ بە قورئان و سوننەت .

لـە بیریـشمانە کـە موسـڵمان زمـان شـیرینەو جنێـو فـرۆش نیـە بـەڵام بەرامبـەری هـەر شـتێك پێچەوانەی دینە بێ قسەنیەو بێ غیرەت نیـە ڕێگـرە لێـی بـەڵام بـە زانـست و قـسەی جـوان و ئامۆژگاری نەك جنێو کە سیفەتی ئەهلی بیدەع بووە بـە درێـژایی مێـژوو لـە کاتێـك بەڵگـەیان بـەتاڵ ئـەبێ بەرامبـەری ئـەهلی سـوننە ! پێغەمبـەری خـوا صـلى الله عليـه وعلـى الـه وسـلم ئەفەرموێ : (سباب المسلم فسوق وقتاله كفر) متفق عليـه واتـه : (جنێـو دان بـه موسـڵمان فاسقیە _دەرچوونە لە فەرمانی خوا_ وە شەڕکردن لە گەڵ موسڵمان کوفرە) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليـه وعلـى الـه وسـلم ئەفـەرموێ : (لـيس المؤمن بالطعـان ولا اللعان ولا بالفاحش ولا بالبذي) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٣٢٠ واته : (بڕوادار ئاوها نیـه کـه زۆر عەیب لە خەڵك بگرێ و قسەیان پێ بڵێ وە ئاوا نیە کە زۆر لەعنـەت لـە سـەر زاری بـێ وە ئاوا نیە کە جنێودەر بێ وە ئاواش نیە کە بێ شەرم بێو قسەی ناشیرین بکات) .

بەڵام نابێ خۆمان لادەین لە نەسیحەت و ئاگادار کردنەوەی خەڵکی لـە تـاوان و سەرپێـچی لـە بـەر خـاتری ئـەو حیـزب و ئـەو حیـزب چـونکە ئـەوان بـڵاو کـەرەوەی ئـەو سـەر پێـچیانەن !پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (**الدين النصيحة قلنا لمن ؟ قال : لله ولكتابه ولرسوله ولائمة المسلمين وعامتهم**) رواه مـسلم واتـه : (دیـن نەسیحەتە وتمان بۆ کێ ؟ پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : بۆ خوا وە بۆ کتابەکەی وە بۆ پێغەمبەرەکەی وە بۆ عاممەتی موسڵمانان) .

وە هەروەها ئەفەرموێ صلى الله عليه وعلى اله وسلم : (**من راى منكم منكرا فليغيره بيده ، فان لم يستطع فبلسانه ، فان لم يستطع فبقلبه وذلك اضغف الايمان**) رواه مـسلم

واتە : (ئەگەر کەسێك تاوانێکی بینی با بیگۆڕێ بە دەستی ، ئەگەر نەیتوانی بە دەست ئەوە بە زمانی ، وە ئەگەر نەیتوانی بە زمانیش ئەوە بە دڵی وە ئەوە لاواز ترینی ئیمانە) .

پێغەمبەری خواش صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ :(**لا يمنعن رجلا هيبة الناس أن يقول بحق إذا علمه أو شهده أو سمعه**) سلسلة الاحاديث الصحيحة ١٦٨ واتە : (هەیبەتی خەڵکی ڕێ لە کەسێکتان نەگرێ کە حەقێ بڵێ کە زانی یان بینی یان بیستی) .

وە ئێمە وەلامان بۆ بڕوادارانە بە گشتی هەر یەکەو بە پێی زانست و ئیمانی خۆی وە بەرائەتمان بۆ کافرو فاسقان و ئەهلی بیدعەیە وە بۆ هەموو دوژمنانی ئەم دینەیە ئەو کەسە وەلای هەیە بۆ عەلمانیەکان کە نان و دۆشاوی ئەوان دەخوات و دەست ئەخاتە ملیان و لە چاویان ئەکاتەوە وەك ئەوان حیزبایەتی ئەکاو وەك ئەوان شەڕ لە سەر کورسی ئەکات برا بەشیانەو دەمی بە پێکەنینە لە گەڵیان و ئەشهەدویان بۆ ئەکات ! لە پشتەوەش خەڵکی وەك ئێمە تاوانبار ئەکات بە وەلا بۆ علمانی !

وە کە تۆ ئەهلی سوننە وجەماعەت =سەلەفیەکان= تۆمەتبار ئەکەی دەڵێی وەلاتان بۆ علمانی هەیەو بەرائەتتان بۆ ئیسلامیەکان ! بیسەلمێنە بزانین چۆن ؟! ئەگینا من با عەکسەکەیت بۆ ڕوون بکەمەوە ! ئایا ئەمە سەلەفیەکان دەستیان ناوەتە دەستی ئەوانەی کە تۆ ئەڵێی علمانین یان بەناو حیزبە ئیسلامیەکان !؟ ئایا سەلەفی بانگەشەی دیموکراتی ئەکەن یان بە ئاشکرا هەندێك لە حیزبیەکان بانگەشەی ئەکەن !؟ ئایا سەلەفی وەزیرەو ئەندام پەرلەمانە یان ئەم حیزبیانە!؟ ئاخر کاکە با لە خوا بترسین ئەوان کەسانی وەك تۆ ئەخەڵەتێنن ئەڵێن ئەم علمانیانە کافرن و ئەبێ بیان ڕوخێنین ! ئەشبینی کە چۆن دەستیان ئەخەنە دەستیانەوەو پارەیان لێ وەر ئەگرن ئاخر بودجەی حیزبەکەیان لەوانەوە وەر ئەگرن شەرمیش ناکەن توهمەی ئەوە ئەخەنە پاڵ سەلەفیەکان کە خۆیان ئەیکەن و هەر لەوانیش ئەوەشێتەوە نەك سەلەفیەکان ! چونکە سەلەفی حیزبایەتی ناکاو دەستیش لە کەس پان ناکاتەوە بوون بە ئیمام و خەتیبی مزگەوتیش بە حەقی خۆت چ عەیبێکە بۆ ئەبێ ئەوە بە ڕەوا نەزانرێ بۆ سەلەفیەکان !؟ بەهەر حاڵ وەلای سەلەفی بۆ هەموو موسڵمانێکە وە بەرائەتیان بۆ هەموو کافرێکە وەلایان بۆ ئەهلی سوننەیە بەرائەتیان بۆ ئەهلی بیدعەیە بەڵام سەلەفی بە ناحەق موسڵمان کافر ناکا وە سەرۆك و حکومەت کافر ناکا مادام موسڵمانن با تاوان باریش بن بەڵام لە تاوانەکانی هەموو کەسێ بەرائەت ئەکەن هەر ئەوها لە تاوانی حیزبایەتی و تەفریقە بەرائەت ئەکەن چونکە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی الە وسلم لێی بەریە! خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُمْ بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ (١٥٩)﴾ الانعام واتە : (ئەو کەسانەی دینی خۆیان پارچە پارچە

کرد و لێك تـرازان وە بـوون بـە دەسـتە دەسـتەو کۆمـەڵی لێـك جـودا تـۆ لـەوان نیـت لـە هـیچ شتێك=لێیان بەریت= وە حیسابی ئەو کردەوەی ئـەوان بـۆ خوایـە =ئەگەڕێنـەوە بـۆ لای= وە پاشان هەواڵیان پیٚ ئەدات بەوەی ئەیان کرد =سزای خۆیان وەر ئەگرنەوە=).

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفـەرموێ : (افترقـت الیهـود علـی إحـدی و سبعین فرقة ، فواحدة في الجنة و سبعین في النار ، و افترقت النصاری علی اثنین و سبعین فرقـة فواحدة في الجنة و إحـدی و سـبعین في النـار ، والـذي نفسـي بیـده لـتفترقن أمـتي علـی ثـلاث و سبعین فرقة ، فواحدة في الجنة ، و ثنتین و سبعین في النار ، قیل : یا رسول الله من هم ؟ قـال : هم الجماعة) سلسة الاحادیث الصحیحة ١٤٩٢ واتە : (جولەکـە بـەش بـەش بـوون و بـوون بـە حەفتاو یەك بەش ، یەك بەشیان بۆ بەهەشتەو حەفتایان بۆ ناو ئاگر ، وە نەسـارا =گاورەکـان یان دیانەکان= بەش بەش بوون و بوون بە حەفتاو دوو بـەش یـەك بەشـیان بـۆ بەهەشـتەو وە حەفتاو یەك بەشیان بۆ ناو ئاگر ، سوێند بەوەی نەفسی منی بـە دەسـتە ئوممـەتی مـن بـەش بەش ئەبن بۆ حەفتاو سیٚ بەش ، یەك بەشیان لە بەهەشتە ، وە حـەفتاو دوو بەشـیان لـە نـاو ئاگر ، وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ئەمانە کێن =کە ئەچـنە بەهەشـت= ؟ فـەرمووی : ئـەوان جەماعـەتن) =ئەوانـەی لەسـەر حـەق کۆ بوونەتـەوە لـە سـەر ڕێبـازی سـوننەت و مەنهـەجی سـەحابە وە ئەوانـەی تەفریقـە ناکـەن و لـە تاعـەتی سـەرۆکی وڵات دەرناچـن و بـەرەنگاری نابنەوەوتەنها لە تاوان بە قسەی ناکـەن ئەمانـە جەماعـەتن= لـە بـەر ئـەوەش لـە ڕیوایـەتێك هاتووە لای پێشەوا ترمذي : (قالوا ومن هي یا رسول الله قال ما أنا علیه وأصحابي) واتـە : (وتیان : ئەوانە کێن ئەی پێغەمبەری خوا فەرمووی ئەوەی لـە سـەر ئـەو ڕێبـازە بـیٚ کـە مـن و هاوەڵەکانمی لە سەرین).

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم لە فەرمودەیەکی تر کە بوخاری گێڕاویەتەوە ئەفەرموێ : (لا تختلفوا فإن من کان قبلکم اختلفـوا فهلکـوا) واتـە : (خـیلاف مەکـەن و لێـك جیا مەبنەوە چونکە ئەوانەی پێش ئێوە =جولەکەو دیانەکان= خیلاف کەوتـە نێوانیـان و لێـك جیا بوونەوەو بە هیلاك چوون) .

وە لە فەرمودەیەکی تر هاتووە کـە ئیمـام بوخـاری و موسـلیم ڕەحمـەتی خوایـان لێبیٚ ئـەی گێڕنەوە لە جابر ڕەزای خوای لەسەر بیٚ باسمان بۆ ئەکا کە لەگـەڵ پێغەمبـەر صـلی الله علیـە وعلی اله وسلم لە غەزایەکا بوون دوو کەس لە موهاجیرو ئەنسار بوو بە کێشەیان یەکیان ووتی ئەی ئەنسار وە ئەویتر ووتی ئەی موهاجیرەکان ، پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسـلم کـە ئەمەی بیست فەرموی : (مـا بـال دعـوی الجاهلیـة) واتـە : (ئەمـە چـیە بانگـەوازی جـاهیلی

ئەکەن) پاشان کە کێشەکەیان بۆ ڕوون کردەوە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : (دعوها فانها منتنة) واتە : (وازی لێبێنن ئەوە بۆگەنە و پیسە) .

سەیر کەن حیزبایەتی و دەمارگیری و تەفریقە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ بانگەوازی جاهیلیەتەو بۆگەنە ئەشزانین کە ئەم دوو ناوە موهاجیرو ئەنسار دوو ناوی شەرعین لە قورئانا مەدحیان کراوە بەڵام ئەگەر ببێ بەهۆی لێك جیابوونەوەو ئاژاوە لەناو موسڵمانان پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : (دعوها فانها منتنه) ئاوا بەتوندی نەهی لێکردن ئەی چی ئەڵێی بەم حیزبانە !!!.

دەبا بەخۆمانا بچینەوەو بە دروشمی بریقەداری ئەم حیزبیانە =بە هەموو ڕەنگەکانیانەوە بە ناوی ئیسلام بێ یان بە ناوێکی تر= نەخەڵەتێن و عیبرەت وەربگرین لەو هەموو ماڵ وێرانیەی بە هۆی ئەوانەوە بە سەرمان هات حیزبایەتی بوو بەهۆی ئەوەی باوك و کوڕ و ژن و مێرد و براو برا و جیران و جیران و کەس و کار لە یەکتر بکاو بووە هۆی خوێن ڕشتن و ئاوارە بوون و دەر بەدەری و ڕق و قینەو لاوازی و تەفرەقە دەبا ببێ بە دەرس بۆمان و بگەڕێینەوە بۆ ئیسلامی ڕاستەقینە ئەو ئیسلامەی پێغەمەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم لە گەڵ هاوەڵەکانی خوا لێیان ڕازی بێ لە سەری بوون نەك ئەوەی کە خەڵك بە ئارەزوو بە پێی بەرژەوەندی حیزب و کۆمەڵی خۆی ئەیلکێنێ بە ئیسلام ئەوە ئیسلامە کە لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وعلى اله وسلم وەرگیرابێ غەیری ئەوە هەر کەسێك هەر حیزبێ شتێکی تری هێنا بە ناوی ئیسلام کە لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وعلى اله وسلم وەر نەگیرابێ ئەوە ئەدرێتەوە بە سەریان و ئیسلامیش لێیان بەریە .

٣-موجاهیدی ئوممەت بە خەواریج نازانین ئەوانە بە خەواریج ئەزانین کە خوێنی موسڵمان حەڵاڵ ئەکەن و چەك بەرامبەری سەرکردەی موسڵمان ڕائەگرن وە موسڵمانان ئەکوژێ بە ناوی جیهاد و تەکفیری موسڵمان ئەکەن بە ناحەق! ئێمەش کە خۆمان بە شوێنکەوتەی سەلەف ساڵح ئەزانین بە فەزڵی خوا چونکە شوێنکەوتەی ئەوانین و تەنها ڕێبازی ئەوانمان قبوڵە ئەگەر شتێکیش هەیە بە پێچەوانەی ئەوان تێماندا ڕوونی بکەرەوە بۆمان سوپاست ئەکەین ، وە بڕواشمان بە جیهاد هەیە کە تا ڕۆژی قیامەت ئەمێنێ لە گەڵ هەموو سەرکردەکی موسڵمانی دادوەرو ستەم کار ئەبێ بکرێ و نابێ سەرکردە ئەگەر ستەم کاریش بوو لەگەڵی جیهاد نەکەین ئەوە بیرو باوەڕی ئەهلی سوننەیە ، بەڵام ئەوە جیهاد نیە کە تۆ موسڵمان بکوژی و بیانتەقێنیتەوەو خەڵکی بێتاوان لە ناو بەری بەو شێوەی کە ئەیبینین کەسێ خۆشی ئەکوژێ خەڵکێکی موسڵمانیش لە گەڵ خۆی ! ئەوە کەی جیهادە تا بڕوامان پێی هەبێ !؟ وە

ڕاستیەکەی ئەوە سیفەتی خەواریجە کە موسڵمان بکوژێ و پشتیش لە کافر بکەی بەڵام ئەمە کاری کێیە کێ موسڵمان ئەکوژێ و کافریان ئەکات !؟ وەڵامەکەی دیارە !
وایە جیهاد بۆ نەهێشتنی فیتنەو شەریك دانانە بۆ خوا نەك بۆ ئاژاوەو خوێن ڕشتنی موسڵمان وە ئەو ئایەتەش لە سورەتی ئەنفال ٣٩ لەوانەیە تۆ بەهەڵە تێیگەیشتبی ئەوە بەڵگەیە بۆ سەلەفیەکان کە ئەڵێن نابێ چەك لە ڕووی موسڵمان بەرز بکرێتەوەو خوێنی بەناحەق حەڵاڵ بکرێ با بچینە خزمەتی ئەو ئایەتەو تەفسیرەکەی زیاتر ئەمەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە، خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّـهِ﴾ الانفال **٣٩** واتە : (وە شەڕیان لە گەڵ بکەن تاکو فیتنە نەمێنێ =هاوبەش دانان بۆ خوا نەهێڵن= وە دین =پەرستن= هەمووی تەنها بۆ خوا بێت). فیتنە لەو ئایەتە مەبەست پێی شەریك دانانە بۆ خوا وە هەروەها مەبەست پێی توش بوونی موسڵمانانە بە چەوسانەوەو ستەم لێکردنیان و بە هیلاك چونیان ! باشە ئەوانە شەڕ ئەکەن بۆ ئەوەی شەریك دانان بۆ خوا نەمێنێ !؟ یان مەرامی تریان لە پشتەوەیە !؟ وە ئایا ئەوان چەوسانەوە لە سەر موسڵمانان ناهێڵن یان موسڵمانانیان توشی چەوسانەوە کردووە وە بوون بە هۆی داگیر کردنی چەندین وڵاتی ئیسلامی ! بوونەتە شووم بەسەر ئەو ئوممەتە! ئەوە نیە بە هۆی ئەوانەوەو کارە دزێوەکانیان خەڵکی سڵ ئەکاتەوە لە ئیسلام و لە موسڵمان ئەترسن !
سەلەفی بڕوای بەو جیهادەیە کە بۆ بەرز کردنەوەی کەلیمەی خوا بێ بۆ چەسپاندنی تەنها خوا پەرستی بێت وە لە ژێر فەرمانی ئیمام =سەرۆکی وڵات= بێت نەك بە فەوزا ! وە لەدژی موسڵمان نەبێ بەڵکو دژی کافر ! وە لەتوانای موسڵمانان بێ وە بە فەتوای زانایان و پێشەوایانی دیاری ئەهلی سوننە بێ نەك بە فەتوای کەسانی نادیارو کەسانی کە خۆیان شاردۆتەوەو کەس نایان ناسێ !ئەوە جیهادە نەك ئاژاوەو خوێن ڕشتنی موسڵمان و تەقاندنەوەیان کە بووەتە هۆی ماڵ وێرانی و سەرگەردانی و دەربەدەری موسڵمانان و کەوتنە ژێر دەستی دوژمنانی ئیسلام ! ئەوە جیهاد نیە تۆ کافرێ بکوژی ئەوانیش سەد موسڵمان بکوژنەوەو تۆش دەسەڵاتی دیفاع کردنت لێیان نەبێ بەڵکو ئازا تریتنان ئەوە بێ کە چاکتر خۆی شاردبێتەوە ! ئێمە ئەزانین کە ڕاکردن لە بەرامبەری کافران لە ڕۆژی ڕووبەڕوو بوونەوە یەکێکە لە تاوانە گەورەکان ! پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ قِيلَ يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا هُنَّ قَالَ الشِّرْكُ بِاللَّـهِ وَالسِّحْرُ وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ وَأَكْلُ الرِّبَا وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ وَقَذْفُ الْمُحْصِنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ) رواه البخاري ومسلم واتە : (خۆتان بپارێزن و دوور کەونەوەو پشت بکەنە ئەو حەوت تاوانەی کە خاوەنەکەی بە هیلاك ئەبات وتیان ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه

وعلى اله وسلم ئەمانە کام تاوانن ؟ پێغەمبەر صلى الله علیه وعلى اله وسلم فەرموی : هاوبەش دانان بۆ خوا وە سیحر وە کوشتنی نەفسێك کە خوا حەرامی کردووە تەنها بە حەق نەبێ وە خواردنی ماڵی یەتیم وە خواردنی ڕیبا وە ڕاکردن لە ڕۆژێك کە بەرامبەری دوژمنانی ئیسلامی لە جیهاد وە بوختان کردن بۆ ئەو ئافرەتانەی داوێن پاکن و بێ ئاگان و بڕوادارن) .

ئەم حیزبیانە ئەیان ووت جیهاد ئەکەین ! وە ئیدیعای جەیشی دە هەزاریان ئەکرد ! بەڵام بینیمان چەکیشیان تەسمیل کرد شەرمیش ناکەن هێشتا سەلەفی بە ترسنۆك ئەزانن ! کە چەك تەسمیل کردن شتەکی گەلەك بێزراوەو عەیبە بە تایبەتی ئەگەر ئەو هێزەشت هەبێ کە ئەوان دەیلێن ! ئەوە بەبێ شەڕیش تەسمیل ببیت ! خوا پەنامان بدات ئازیزم ئەوە کەی جیهادە دوو تەقە بکەیت بۆ ئەوەی جەزیرە باست بکات و پاشان ڕابکەی خەڵکی بێ تاوانیش بکەونە بەر مووشەك و منداڵ و ژنیان بکەوێتە ژێر دیوارو سەقفی خانوەکانیان !

خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ البقرة ٢٨٦ واتە : (خوا ئەرك ناخاتە سەر هیچ نەفسێك تەنها ئەوەندەی لە توانای ئەو نەفسەیە جێبەجێی بکات) .

وە : ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾التغابن ١٦ واتە : (جا ئەوەندەی لە تواناتان دایە خۆ بپارێزن لە سزای خوا بە جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی وە دوور کەوتنەوە لە تاوان و هەر شتێك خوا پێی ناخۆشە) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (مَا نَهَيْتُكُمْ عَنْهُ فَاجْتَنِبُوهُ، وَمَا أَمَرْتُكُمْ بِهِ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ، فَإِنَّمَا أَهْلَكَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ كَثْرَةُ مَسَائِلِهِمْ وَاخْتِلَافُهُمْ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ وَمُسْلِمٌ واتە : (ئەوەی کە نەهیم =ڕێگریم= لێ کردن وازی لێبێنن و پشتی تێبکەن ، وە ئەوەی کە فەرمانم پێ کردن ئەوەنەی بکەن کە لە تواناتان هەیە ، بە تەئکید ئەوەی ئەوانەی پێش ئێوەی بە هیلاك برد زۆر پرسیار کردنیان و خیلافیان =جیاوازیان= لە گەڵ پێغەمبەرانیان بوو).

ئەوە ئاشکراو ڕوونە کە هەموو فەرمانێکی خوا ئەوەندەی لە توانامانایە ئەبێ جێبەجێی بکەین ئەوەی لە توانامان نەبوو تاوان بار نابین .

وە ئەبو موسای ئەشعەری خوای لێ ڕازی بێ ئەفەرموێ : (سُئِل رسول الله صلى الله عليه وسلم عن الرجل يقاتل شجاعة ويقاتل حَمِيَّة، ويقاتل رِيَاءً، أيُّ ذلك في سبيل الله، عز وجل؟ فقال: "من قاتل لتكون كلمة الله هي العليا، فهو في سبيل الله، عز وجل) رواه البخاري و مسلم واتە : (پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وعلى اله وسلم دەربارەی پیاوێك شەڕ ئەکات لە بەر ئەوەی ئازایە =تا ئازایەتی دەرکەوێ= وە شەڕ ئەکات لەبەر سەر خستنی

عەشیرەت و خزمەکانی ، وە شەڕ ئەکات بۆ ڕیا =تا خەڵك ببیینێ= ، ئەمانە کامەی لە پێناوی خوایە عز و جل ؟ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : ئەوەی شەڕ بکات بۆ ئەوەی کەلیمەی خوا بەرز بێت ئەوە لە پێناوی خوایە عز وجل) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (إِنَّمَا الْإِمَامُ جُنَّةٌ يُقَاتَلُ مِنْ وَرَائِهِ وَيُتَّقَى بِهِ فَإِنْ أَمَرَ بِتَقْوَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ وَعَدَلَ كَانَ لَهُ بِذَلِكَ أَجْرٌ وَإِنْ يَأْمُرْ بِغَيْرِهِ كَانَ عَلَيْهِ مِنْهُ) رواه البخاري و مسلم واتە : (ئیمام =سەرۆکی وڵات= پەردەیەکە=بۆ پاراستنی موسڵمانان= شەڕ لە دواوەی ئەکرێ وە موسڵمانان بەو خۆیان ئەپارێزن =لە دوژمنانیان= جا ئەگەر فەرمانی کرد بە تەقوای خوای عز وجل وە عەدل بوو ئەوە بەوە پاداشتی بۆ هەیە وە ئەگەر فەرمان بە غەیری ئەمە بکە ئەوە تاوانەکەی ئەکەوێتە سەر) .

پێشەوا نەوەوی رحمه الله ئەفەرموێ : (وَمَعْنَى يُقَاتَل مِنْ وَرَائِهِ أَيْ : يُقَاتَل مَعَهُ الْكُفَّار وَالْبُغَاة وَالْخَوَارِج وَسَائِر أَهْل الْفَسَاد وَالظُّلْم مُطْلَقًا) المنهاج في شرح صحيح مسلم واتە : (وە مانای شەڕ لە دواوەی ئەکرێ یانی : لە گەڵ ئەودا شەڕ ئەکرێ لە گەڵ کافران وە باغیەکان وە خەواریجەکان وە هەموو ئەهلی فەساد و ئەهلی ستەم بێ ڕەها =بەگشتی=) .

وە پێشەوا ابن حجر العسقلانی رحمه الله ئەفەرموێ : (وَالْمُرَاد بِالْإِمَامِ كُلّ قَائِم بِأُمُورِ النَّاس وَاللَّه أَعْلَم) فتح الباري واتە : (وە مەبەست بە ئیمام هەموو کەسێکە کە کاری خەڵکی بە دەستەو هەڵی ئەسوڕێنێ والله اعلم) .

٤–ڕاست ئەکەی ئەلبانی زانای گەورەی ئوممەتە رحمه الله بەڵام بەڵگەی ئێمە قسەی ئەو نیە بێگومان زاناو پێشەوای ترمان زۆرن بەڵام قسەی کەسیان بەسەر کەسیان بەڵگە نیە بەڵگە ئەو وەحیەیە کە خوا دایبەزاندووە بۆ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿اتَّبِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ وَلَا تَتَّبِعُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ قَلِيلًا مَا تَذَكَّرُونَ (٣)﴾ الاعراف واتە : (شوێنی ئەوە بکەون کە بۆتان دابەزیوە لە لایەن پەروەردگارتان =کە قورئان و سوننەتە= وە لەغەیری ئەوە شوێنی ئەولیالە غەیری خوا مەکەون =بەوەی هەواو ئارەزووی ئەوان بخەنە پێش ئەوەی خوا بۆی دابەزاندوون= وە ئێوە کەم بیر ئەکەنەوەو مل کەچی حەق ئەبن) .

ئەوە هەر لە ئەهلی بیدعە ئەوەشێتەوە لە حیزبی و تەکفیری و خەواریجەکان و غەیری وانیش کە دوای شەخس ئەکەون لە غەیری پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی الە وسلم بەڵام لای سەلەف تەنها قورئان و سوننەت و ئیجماعی سەحابەکان حوججەیە نەك قیل و قال ی هیچ کەسێك ئەگەر بینیوتە ئێمە لە مەسەلەیەك لامان داوە لە قورئان و سوننەت و ئیجماعی

سـەحابەکان فـەرموو ڕوونـی بکـەوە بـە بەلگـەوە ئـەگینا ئـەوە بوختانـە بۆمـان هەڵبەسـتراوە لەلایـەن ئەوانـەی بەلگـەیان نیـەو شـەرمەزارن بـە بیدعـەکانیان نـازانن چـۆن خورافـات و سەرپێچییەکانیان بشارنەوە بوختانی ئەو شتانەی خۆیان تێی کەوتوون بۆ ئێمە ئەکەن !!! باش نیە ئەلبانی زانەیەکی وە پێشەوایەکی ئەهلی سوننەیە لە گەڵ ئەوەش ئێمە شوێنی ئـەو نەکەوتوین بەڵکو وەك ئەو شوێنی سەلەف کەوتوین ! خۆ ئەوان دوای کەسانی وا کەوتوون کە لە بیدعەو خورافات غەرق بوون ! وەك سید قطب و حسن بنا و غـەیری ئـەوانیش لـە سـەرانی بیدعە لەو سەردەمە .

لە کۆتـایدا :

دڵمان عاجز نابێ بە پرسیار بەڵام ئەوکاتە دڵمان عاجزە کە وەڵامی ڕاسـتیانت قبـوڵ نـەبێ وە ئـەو پرسـیارانە هـەر تـۆ نایکـەیت تـەنها گومـانی تـۆ نیـە زۆر کـەس ئـەو پرسـیارانە دووبـارە ئەکەنەوە وە کە بڕوات بە حیزبایەتی نیە دیارە لە بەر ئەوەیە کە لـە ئیسلام نیـە ئێمـەش لـە بەر ئەوە بڕوامان پێ نیە ! کە بڕوات پێیان نـەبێ ئـەبێ ئامۆژگـاری جـوانی موسـڵمانی تـریش بکەی بۆ ئەوەی نەکەونە ئەو هەڵەیە وە نابێ پێت ناخۆش بێ کە دژی حیزبایەتی بـین چـونکە دژە بە دین و هۆی لاوازی و پەرتەوازەیی موسڵمانانە دژایەتیەکەشمان شەڕە شمشێر نیـە لـە گەڵیان تەنها ئامۆژگاری کردنیان و ئاگادار کردنەوەیانە لەوەی لـە سـەر ئـەو هەڵانـەی هەیانـە بـەردەوام نـەبن بـەڵام خۆیـان لـە بـەینی خۆیـان دژایـەتیان هەیـەو ئەشزانین بەچـی گەیـشتن دەیانەوێ ئۆباڵی شەرمەزاریان بخەنە سـەر خـەڵکی تـر کـە نـە ئێستاو نـە پێـشتریش غـەیری ئامۆژگاری و دڵسۆزی بۆیان زیاتریان نـەبووە ! وە براکـەم بـێ گومـان ئۆبـاڵی هـەموو کەسـێ بەسەر خۆیەتی ! وە کە تۆ قەپت بە ڕەگی دار گرتووە ئێمـەش وەك تـۆ ئەمانـەوێ لـە فیتنـە دوور بین و بە واجبیشی ئەزانین خەڵکیش لە فیتنە ئاگادار بکەینەوە خوای بـەرز ئەفـەرموێ :

﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَـوْنَ عَـنِ الْمُنْكَـرِ وَيُقِيمُـونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيـمٌ (٧١)﴾ التوبـة واتـە : (وە پیـاوانی بـڕوادارو ئافرەتـانی بـڕوادار هەنـدێکیان دۆسـت و خۆشەویـست و پشتیوانی هەنـدێکی تریـانن =لەگـەڵ یـەك= فـەرمان بـە چاکە ئەکـەن و نـەهی =ڕێگـری= لـە خراپەو تاوان ئەکەن وە نوێژەکانیان بە ڕاستی ئـەنجام ئـەدەن وە زەکـاتی ماڵیـان ئـەدەن وە گوێ ڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی ئەکەن ئەوانە لە داهاتوو خوا ڕەحمیان پێ ئەکات بە تەئکید خوا بە تواناو دەسەڵاتە=بەسەر هەموو دروست کراوەکانی= وە کار بەجێیەو کار جوانە).

و علیکم السلام و رحمة الله وبرکاته دووبارە ئومێد ئەکەم ئێمەش لە گەڵت دڵسۆز بین وە مادام لە چوار قوڕنـەش ئـەژی جـەنابت ئـەتوانی سـەردانی م. عبـد اللطیـف بکـەیت و پرسـیاری لـێ

بکەیت ڕوو بە ڕوو من نەگەیشتوم بە خزمەتی ئەو بەڵام گومانم نیـە لـەوەی بـە دڵ فراوانیـەوە وەڵامت ئەداتەوەو ئەشـبینی خـۆت کـە ئـەوەی لـە دوورەوە بـۆی هەڵبەسـتراوە سـیفەتی ئـەو کەسـانەیە کـە بۆیـان هەڵبەسـتاوە نـەك هـی ئـەو ، وە ئەگـەر هەڵەیەکیـشی کردبـێ دەرگـای نەسیحەت کراوەیە کەسیش نابێ دایبخات .

وە ئەوە بیری جەنابت و هەموو موسڵمانێ ئەخەمەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلـى اله وسلم ئەفەرموێ : (من حالت شفاعته دون حد من حدود الله فقد ضـاد الله في أمـره ، و مـن مات و عليه دين فليس ثم دينار و لا درهم و لكنها الحسنات و السيئات ، و من خاصـم في باطـل وهو يعلم لم يزل في سخط الله حتى ينزع ، و من قال في مؤمن ما ليس فيه حبس في ردغة الخبـال حتى يأتي بالمخرج مما قال) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٤٣٧ واته : (ئـەوەی بـە شـەفاعەتی ئەو حەددێك لە حەددەکانی خوا مەنع بکرێ =بەهۆی شەفاعەتی ئەو تاوان بارێـك کـە حـەددی لە سەرە پاش ئەوەی گەیشتووە بە قازی ئەو بچێ واستەی بـۆ بکـا ببێتـە هۆیـەك بـۆ ئـەوەی حەددەکەی لە سەر جێبەجێ نەکرێ= ئەوە دژایەتی و ڕکا بەرایەتی خوای کردووە لە فەرمانی ، وە هەر کەسێك دژایەتی و دەمە دەم و جیدال بکا لە سـەر شـتێکی باتـڵ وە ئەشـزانێ باتڵـە ئەوە بەردەوام لە تورەیی خوا دایە هەتتا واز ئەهێنێ ، وە هەر کەسێ شتێ بڵێ لە دەربارەی بڕوا دارێك کە ئەو شتەی تیا نەبێ ئەوە حەبس ئەکرێ لە ناو قوڕاوی کـێم و زوخـاوی =ئـەهلی جەهەننەم= هەتتا شتێ ئەهێنێ =حوججەیەك= کە پێی دەرچێ لەوەی ووتویەتی) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (كفى بالمرء إثما أن يحدث بكل ما سمع) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٢٠٢٥ واته : (ئەوەنە تاوانە بەسـە بـۆ مـرۆڤ کـە هەرچـی ببیستێ بیگێڕێتەوە) .